# پەیامی خەڵکانی سلێمانی

*ئێمەی کورد وامان لێهاتووە کە هەرچی ئۆتۆمبیل هەیە لەبەر چاومان بکەوێت و رقمان لێی بێت لەبەر ئەوەی ئەوەندە شۆفێری ناشارەزا هەیە کەهیچ تەجروبەیێکی لەسەر لێخورینی ئۆتۆمبیل نیەو هەر رۆژەی خۆی دەکێشێت بە شتێکدا جا داواکارم لەبەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ، کە چارەسەرێک بۆ ئەو کەسانە دابنێت کە بەبێ هیچ مەرجێکی یاسای ئۆتۆمبیل لێ دەخورن و مۆڵەتی شۆفێریشیان بەوستە دەرهێناوە، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک ماڵ وێران نەکەن و خۆسیان تووشی زیندان نەکەن

**کاوە**

* بێ کاری وای لەخەڵک کردووە کە تا سەرئێسقان بێزاربێ و نارەزایی دەرببرێت، بەڵام نازانم بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لەکاسانێک ناکاتەوە کە دەیانەوێت لە فەرمانگەکان دابمەزرێن، تەنیا دەبێ واستەی هەبێ و کەسێک پاڵپشتی بەهێزی بۆ بکات ئینجا دای دەمەزرێنن. باشە ئەی ئەگەر کەسێکی وەکو من هێچ مەسئولێک نەناسم و واستەم بۆ بکات پێم بڵێن چی بکەم، تاهەتایە هەروا بێکار بم یاخود بەرەو هەندەران کوچ بکەم.

**ئەحمەد**

* ئاسودە بووین بە دانانای مولیدە ئەهلیەکان و گوتمان ئەمجارە دەحەسێینەوە چونکە هی حکومەت نیەو بەبێ منەتە، بەڵام بەداخەوە هەر مولیدەیەک لەم شارە هی بەرپرسێکەو خەڵکی هەژارو فەقیر ناتوانێ هیچ شتێک لەگەڵ خاوەن مولیدەکان بڵێت، چونکە شەوانە ئەمێری کارەبەکە کەم دەکەنەوەو تەنیا دەتوانین تەلەفزیۆنی پێ داگریسێنین لەهیچ شتێکی تر سوود مەند نابێ

**ئازاد**

# کلیپی کوردی

## ئارام ئەحمەد

هونەری گۆرانی وتن یەکێکە لەو هونەرانەی کە لەزۆربەی وڵاتانی دنیا بە بەرز دەنرخێندرێ و رێزیش لە هونەرمەندان دەگیرێت، ئێمە ئەگەر دوور نەروانین لە وڵاتە عەرەبییەکان کە هونەری گۆرانی وتن بووەتە خولیایەکی ئێجگار گەورەو هەردەمیش لەزیادبووندایە، دەبینی بەچەندین شێوازی جۆراو جۆر کلیپ بۆبەرهەمەکانیان دەکەن و دەیانەوێت لە رێگەی ئەم سۆنگەیەوە هونەری وڵاتەکەیان بەرەو پێش ببەن و خزمەتێکیش بەهونەری وڵاتەکەیان بکەن، بۆیە دەبینین تەنها کلیپێک بۆ گۆرانیەک نزیکەی ٢ دەفتەر دۆلاری تێدا خەرج دەکەن ئەمە تەنها لەبەر ئەوەی شتێکی نایاب بکەن و بە سەر بەرزی پێشکەشی جەماوەرەکەی خۆیانی بکەن، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەیاد بچی کە ئەوان لەرووی راگەیاندنەوە پشتگیرییەکی تەواویان لێ دەکرێ و بەرهەمەکانیان لێ دەکرنەوە بۆ ئەوەی ئەو هونەرمەندەی کە کلیپێک دەکات بەمەبلەغێکی زۆر بتوانێ ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە خەرجی کلیپەکەی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان لەرووی ئاوازو تێکستەوە سەرکەوتوون و لەگەورەترین ستۆدیۆی جیهانی تۆمار دەکرێن. لیرەدا دەپرسین ئایا هونەری کوردی ئێستا لە چ ئاستێکدایەو کێ بەر پرسیارە بەرامبەر ئەو لێشاوەی کە ئێستا راگەیاندنەکانیان تەنیوەو رۆژانە بەرگوێمان دەکەون، ئێمەی کورد ئەگەر لەهەموو رووێکەوە سەرکەوتوو بین، بەڵام ئێستا لەرووی هونەری گۆرانی وتنەوە سەر کەوتوونین، چونکە گۆرانی بێژەکانی ئێستامان بەر لەهەموو شتێک نایانەوێت خزمەتێک بەهونەری کوردی بکەن و بەرەو پێشی ببەن، چونکە هەندێ کلیپی وا دەبینیت لە راگەیاندنەکان هەرگیز هەست ناکەی ئەمە سۆزو هەستێکی کوردانەی تێدابێت، هەم لەرووی ئاوازو تێکستەوە هەمیش لەرووی کلیپەوە، چونکە زۆربەی کلیپەکانی ئێستا نەشیاوە بۆ نموونە وەکو کلیپەکانی کە بەبەرچاومان دەکەون بەتایبەتی ئەو گەنجانەی کە ئێستا لە ئەورووپان، هەرگیز ناتوانن کلیپێک بکەن کە کچی تێدا نەبێت وادەزانن ئەگەر کچی رووتی تێدابوو لەپشتی ئەو هەڵپەری ئیتر ئەمە گەیشتنە بەلوتەکە، ئەو مەسرەفەی ئەوان لەکیپێک دەیکەن تەنها هێنانی ئەو کچانە کە بەپارە رەقسیان بۆ دەکەن ئەگینا هیچ هونەرێکی تری تێدا نیەو بەرادەیێکی باشیش هونەری کوردی بۆ دواوە بردووە لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرنجێک بدەین لەرووی ئاوازو تێکستەوە دەبینین، زۆربەی ئاوازو تێکستەکانیان بیانین و موڵکی کوردی پێوە نیەوە تەنیا بۆ ئەوەیە کە خەڵکی بزانێت ئەمە کوردەو لەئەورووپایەو لەگەڵ کچی رووت گۆرانی دەڵێت، ئەگینا ئەوەی ئەوان دەیکەن لەهەموو شتێک دەچێت تەنها لەگۆرانی ناچیت. راستە لەزۆربەی گۆرانیە عەرەبیەکانیش ئەو شتانە بەدی دەکرێت بەڵام ئەوان ئەمە لەوڵاتی خۆیانەو لەرووی کلیپیشەوە لەو پەری جوانی بەشێوازی ئەکادیمی کاری بۆ دەکەن.

لێرە پێویستە لە کوردستان دەزگایەک هەبێت بۆ ئەو لێشاوە سەر لێشێواوەی ئەرووپا کە بەبێ ئەوەی فێری هیچ ببن روویان لەگۆرانی وتن کردووە.لەبری ئەوەی لەو وڵاتە پێشکەوتوانە فێری عیلمێک بن، بوونەتە زەرەروو زیان بۆ هونەری کوردی . پێویستە نەهێڵدرێ لەراگەیاندنەکان ئەو جۆرە کلیپانە دابەزێندرێ و خەڵکی بێزیان لێ بکاتەوە، دەبێ راگەیاندنی کوردی ئەوەبزانێت کە ئەوان تاوانباری یەکەمن لەو مەسەلەیدا چونکە ئەگەر ئەوان ئەو کلیپانە بڵاو نەکەنەوە ئەوانیش بەناچاری وازی لێ دێنن و خەریکی کارێکی تر دەبن، با ءیمە لێرەوە ئەوە بڵێین کە ئێمەی کورد لەرووی هونەری گۆرانی وتنەوە ئێجگار دەوڵەمەندین و سەرمان زۆر بەرزە بەڵام بە هونەرمەندە رەسەنەکانمان کەئێستا خەریکی کاری هونەرین ( دیاری قەرەداخی، زەکەریا عەبدوڵا، شێرکۆ طالیب، بەهجەت یەحیا، عەدنان کەیم، کەمال محەمەد...................هتد) جگە لەوانەی کە مردوون لە کۆنەکان کە ئەوان قوتابخانەی هونەری کوردین، تائێستاش دەنگی بەسۆزیان هەرماوەو هەر دەمێنێت.

# دەیانەوێت هەستی هەموو عاشقێک بریندار بکەن

سازدانی / بەهار ئەنوەر



پارکی ئازادی یەکێکە لەو پارکانەی شاری سلێمانی کە ماوەی چەند ساڵێکە دروستکراوەو، بۆتە جێگەی خۆشبەختی بۆ هاوڵاتیان، لە هەموو شوێنێکەوە رۆژانی پشوو خەڵکی رووی تێدەکەن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، جێگەی ئاماژەیە کە ئەو شوێنەی ئێستای پارکی ئازادی سەرەمی رژێمی بەس شوێنی کوشتنی رۆڵەکانی کوردبوو کەچی ئێستا خۆشبەختانە بۆتە شوێنی یاری کردن و کات بەسەربردنی هاوڵاتیان،

سەرەرای ئەوەش ئێستا پارکی ئازادی بۆتە مەنزڵگەیەک بۆ خوێنکاران کە بەر لەتاقی کردنەوەی کۆتایی رووی تێدەکەن و شەوانە لەوێ دەمێننەوە بۆ دەرس خوێندن لەبەر ئەوەی شوێنێکی ئارامەو لەوێ دەتوانن بەباشی سەعی بکەن و بۆیە بەکۆمەڵ لەوێ کۆدەبنەوەو بەو پەری خۆشحاڵیەوە دەرس دەخوێنن.

لەگەڵ ئەمەشدا پارکی ئازادی ئێستا بۆتە لانەیەک بۆ عاشقانی ئەم شارەو هەموو رۆژێک ژوانی لێ دەبەسترێ، ئەگەری بەوردی سەیری بکەین دەبینین لەژێر هەرداریک کچ و کورێکی لێیەو بەتاسەوە بۆ یەکتر دەراوانن، چونکە بێجگە لەو پارکە هیچ شوێنێکی تر نیە تا عاشقان رووی تێبکەن و بتوانن لەنزیکەوە دوور لەچاوی خەڵکی بەدیداری یەکتر شادبنەوە. بۆیە ئێستا دەبینین پارکی ئازادی تاکە شوێنە بۆ ئەو عاشقانەی کە هیچ شوێنێکی تر شک نابەن تەنیا ئەوێ نەبێت.

بەڵام بەداخەوە دەنگۆی ئەوە لەلایەن ئەو کچ و کورانەوە دەبیسترێ کە لەوێ ژووان دەبەستن کە گوایە ئەوان لەلایەن پاسەوانەکان و باخەوانەکان سوکایەتیان پێ دەکرێ و ئازاری رووحیان دەدرێ، و بەچاوێکی سووکەو سەیریان دکرێت، بۆیە بیستوومانە کە چەندین جار لەوێ درکراوان لەلایەن پاسەوانەکانەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کاتێک عاشقان ژووان دەبەستن کە کاتێکی ناوەختەو لە سعات ١٠ ی بەیانی تاکو ٤ی ئێوارە کە کاتێکی زۆر گەرمەو ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ لەبەر گەرمای وا خۆی رابگرێ، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی کە کەس نەیابینێ و ئەو کاتانەش پارکی ئازادی کەسی لێنیە جگە لەو عاشقانە، بۆیە بەپێویستمان زانی ئێمەش وکو ئەوان بەکاتی گەرما رووبکەینە پارکی ئازادی لەنزیکەوە ئەو کەسانە بدوینین کە عاشقن و تەنها ئەوێ شک دەبەن، سەرەتا برسیاری ئەوەمان لێکردن ئایا بۆچی ئێوە روو لێرە دەکەن بەم کاتی گەرمایە، یاخود وەک بیستوومانە زۆربەی کات لەلایەن پاسەوانەکانەوە سووکایەتیان پێدەکرێ سەرەرای پاسەوانەکان لەلایەن باخەوانەکانیشەوە توانجتان لێ دەدرێ و ئازاری رۆحتان دەدەن؟.

محەمەد کە لەگەڵ خۆشەویستەکەی لەژێر دارێک دانیشتبوون بەخۆشحاڵیەوە قبووڵی کردین و بەم شێوەیە باسی لەبەسەر هاتی پارکی ئازادی کرد: بەڵێ وایە ئێمە لێرە چەندین جار لەلایەن پاسەوانەکانەوە سووکایەتیامان پێکراوە، چونکە ئەوان کە کچ و کورێک دەبینن وا دەزانن ئیتر ئەمە تیرۆرستە نازانم بۆچی وابیر دەکەنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا چەند جارێک لەلایەن باخەوانەکانەوە توانجمان لێ دەدرێ و لەدوورەوە چاودێریمان دەکەن، ئەوان وا دەزانن ئێمە بۆکاری خراپ روو لێرە دەکەین و بەمەبەستی خۆشەویستی نەهاتووین.

خۆشەویستەکەی محەمەد بەم شێوەیە بۆماندواو گوتی: راستە ئێرە شوێنێکی ئارامە بۆ ئێمە بەڵام بەخوا ئەگەر ناچاری نەبێت هەرگیز روو لێرە ناکەین، چونکە من دەزانم هاتنە ئێرە بۆ ئێمە چەندە سەختە، چونکە زۆر جار من لەلایەن باخەوانەکانەوە قسەی سووکم پێ وتراوە، رۆژێکیان باخەوانێک بەلامان تێپەری و لەبەر خۆیەوە گوتی: هەر کچێک بێ ئەخلاق نەبێت بەم گەرمایە لەگەڵ کوری خەڵکی نایێتە دەرەوە. منیش زۆر لەلام سەیربوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئازاری دام بەم قسە ناشرینانەی چونکە ئێمە بەرۆح یەکترمان خۆشدەوێت و دوور لەهەموو کردارێکی نادروست، بەڵام من ئەو قسە سووکانە بۆ ئەوە دەگەرێنمەوە کە ئەوان هیچ هەست و سۆزێکیان نیەو هەست بەخۆشەویستی ناکەن و لەمانی عەشق ناگەن بۆیە دەیانەوێت خەڵکیش وەکو خۆیان بێت و عەشق بە بێ ئەخلاقی ناو بنێن دوور لەهەموو رەوشتێک هەستی عاشقێک بریندار بکەن کە تاسەر ئێسقان بروای بەعشق و خۆشەویستی پاک هەیە.

دوای ئەمەش رووومان کردە باخەوانێک کە ئامادە نەبووناوی خۆی ئاشکرا بکات و پرسیاری ئەوەمان لێ کرد، کە گوایە ئێوە ئەو کچ و کورانە بێزار دەکەن کەدێن بۆ ئێرە بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتری بەسەر ببەن توانجیان لێ دەدەن.

وەڵا وانیە ئەوان حەقی خۆیانە ئەو قسانە بکەن چونکە ئێمە زۆرشتمان قبووڵ کرد، ئەوان حساب بۆ کەس ناکەن لەبەر چاوی ئێمە یەکتر ماچ دەکەن دەست دەخەنە ملی یەکتری و دەیانەوێت کاری ناشرین بکەن، راستە قسەمان کردووە بەڵام بەو شێوەیە نیە کە بە ئێوەیان گوتووە، جارێک کچ و کورێک لێرە بوون کاری ناشرینیان دەکرد ئێمەش چوار کەس بووین چوین بۆلایان پێمان وتن نابێ لێرە ئەو کارانە بکەن، بۆچی لێرە یەکتر ماچ دەکەن ئەوانیش تووڕەبوون لێرە رۆیشتن، نەک هەر ئەمان رۆژانەئێمە تووشی چەندین رووداوی وا دیین کەچی هەر ئەوان گللەیی دەکەن و ئێمە بەخراپ دەزانن، ئەگەر ئەوان وەکو عاشقێک بێن بۆ ئێرەو بەبێ کێشە ئێمە حەقمان بەسەریانەوە نیە. لەپرسیارێکی تردا کە ئاراستەی باخەوانەکامان کرد ئەوەبوو، ئایا ئێوە لێرە مافی ئەوەتان هەیە کەس لێرە دەربکەن؟

ئێمە مافی ئەوەمان نیە لێرە کەس دەربکەین بەڵام ئەوەشمان پێ قبووڵ ناکرێ لەبەر چاوی ئێمە دەست بخەنە ملی یەکتری یەکتر ماچ بکەن، ئەی خۆ ئێمەش مرۆڤین نابێ حساب بۆ ئێمەش بکەن و هەندێک رێز بۆ ئێمە دابنێن، ئێمە لەسەر ئەو کارانە لێرە چەندین کورو کچمان دەرکردووە و هەرەشەی ئەوەمان لێ کردووە کە دەتاندەینە دەست پۆلیس بۆ ئەوەی دەستگیر بکرێن. دوابەدوای ئەوە رووومان لەکچ و کورێکی تر کرد بۆ هەمان پرسیار ئارامیش بەم شێوەیە وەڵامیان داینەوە. ناوانیە باخەوانەکان راست ناکەن ئەوان بەغیلیان بەکورێک دێت کە لەگەڵ خۆشەویستەکەی بێت بۆ ئێرەو بیەوێت کاتێکی خۆش بەسەر ببات، ئەوان ئەگەر هیچیش نەکەین لەدوورە بەکۆمەڵ سەیرمان دەکەن و گۆرانی دەڵێن بەدەنگی بەرز هاوار دەکەن ودڵێن ئەخلاق نەماوە بۆ ئەوەی بیانەوێت ئێمە شەرم بکەین لەوێ برۆین.

هەر بۆ ئەم مەبەستە رووومان کردە پاسەونێک و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە، راستە ئێمە لێرە پاسەوانین بۆ ئەوەی بتوانین پارێزگاری لەو پارکە بکەین، بەڵام ئێمە مافی ئەوەمان بەو کچ و کورانە داوە کە دێن بۆ ئێرە زۆر جار پشتگیریشمان لێ کردوون، بەڵام ئەوانیش دەبێت ئاگاداری خۆیان بن و لێرە هەموو کارێکی نەشیاو نەکەن.

هەر لەگەڵ ئەم دیدارانەش روما لەکچ و کورێکی تر کرد کەبەمەستی کاتێکی خۆش روویان لە پارکی ئازادی کردبوو.

رێباز کە کورێکی رەش ئەسمەرو دەم بەپێکەنین بوو بەخۆشحاڵیەوە گوتی: ئێمە ئەگەر شوێنکی تر شک ببەین بەخوا روو لێرە ناکەین چونکە من جارێک لەلایەن پاسەوانەکانەوە زۆر ئازار دروام ئەویش ئەوەبوو

چەند مانگێک لەمەوبەر لەگەڵ خۆشەویستەکەم هاتین بۆ پارکی ئازادی دوای ئەوەی لەژێر دارێک دانیشتبووین لەپر پۆلیسێک هاتوو وتی هەستن لێرە برۆ بۆ ئێوە عەیبە وا دەکەن. منیش وتم کاکە گیان چیمان کردووە وتی نا ئێوە بەنیازی خراپ هاتوونەتە ئێرە. پێم وت کاک گیان وانیە تۆ بەغەڵەت لەشتەکان تێمەگە ئەی ئەوە نیە ئێمە بۆ خۆمان لێرە دانیشتووین هیچت دیوە ئێمە بیکەین و بەلاتەوە عەیب بێت؟ بەهەرحاڵ ئێمە رۆیشتین بەڵام لە دوایدا هەر هەموو پۆلیسەکان هاواریان دەکردو دەیان گوت وەرە وەرە وەرە لەگەڵ تۆمانە، راستی من جوابم نەدانەوە رۆیشتین بەڵام دوای پۆلیسێک بەسەیارە دوامان کەوتوو وتی وەرن کاتێک ئێمە چووین هەندێ پرسیاریان لێ کردین و زۆریش سوکایەتیان پێ کردین و ئینجا وتیان برۆن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە سووکایەتیمان پێکراوە ناچارم کە هەر روولێرە بکەم و تا هیچ نەبێ بەدیداری خۆشەویستەکەم شادببم

شەهێن کە خۆشەویستەکەی رێبازبوو ئەویش بەهەسایکی قووڵەوە باسی لەو رۆژە کرد کەلەگەڵ رێبازدا بەسەریاندا هاتووەو بە رەشبینیەوە لەئاسۆی وڵاتەکەی دەروانی کە لەهیچ رووێکەوە ئارامیەک نیە بۆ ئەوەی دوو عاشق بتوانن بەبێ هیچ گرفتێک کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتری بەسەر ببەن و تیادا هەست بەئارامی کەن و خۆشەویستی لەبەر چاویان گەورەتر بێت، لەکۆتایی قسەکانیدا شەهێن گوتی: دەبێ دوو عاشق تاوانیان چی بێت کەیەکتریان خۆشدەوێت و بەبێ یەکتر ناتوانن بژین، بۆ دەبێ لە وڵاتی ئێمەدا هەموو شتە دزێوەکان ئاسایی بێت و بەلایانەوە عەیب نەبێت، هەر لەدزیو گەندەڵی و کوشتنی خەڵکی بێتاوان و خواردنی سەروەت و سامانی میللەت، ئاسایی بێت بەڵام خۆشەویستی تاوان بێت و نەتوانی لەناو پارکێکدا بەئازادی ساتێک لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەست بەئارامی بکەیت.